# فیقهی ئاسان: پەرتووکی حەج

## دەروازەی پێنجەم: ئەو جێگایانەی کە دروستە زیارەت بکرێن لە مەدینەی منەوورە

## الفقه الميسر: كتاب الحج: الباب الخامس: في الأماكن التي تشرع زيارتها في المدينة

< کوردی - كردي - kurdish >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة: أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# ئەو جێگایانەی کە دروستە زیارەت بکرێن لە مەدینە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەیارمەتی خوای گەورە لەم ووتارەدا باسی سێ بابەتی سەرەکی دەکەین، بابەتی یەکەم : زیارەتی مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم )، بابەتی دووەم : زیارەتی گۆڕی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم )، بابەتی سێهەم : ئەو جێگایانەی تر کە لە شاری مەدینەی منەوەرە دروستە زیارەت وسەردانی بکرێن .

## بابەتی یەکەم : زیارەتی مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) :

سونەتە سەردانی کردنی مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەشاری مەدینەی منەوەرە، وخۆ ئامادەکردن وکۆڵ وبار پێچانەوە بۆی لە هەر سات ورۆژێك لەسات ورۆژەکانی ساڵ، جا پێش وەرزی حەج یان دواى وەرزی حەج بێت، لەبەر ئەوە ئەم زیارەت وسەردانی کردنە کاتێکی تایبەتی نیە، و هیچ پەیوەندی بە حەج و ئەرکان و مەرج و واجباتی حەجەوە نیە، بەڵام واباشە ئەوەی کە نیەتی بەجێهێنانی حەجی هەیە لە پێش یان پاش ئەدا کردنی حەج سەردانی مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بکات، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی لەبەر هەر هۆیە بێت نارەحەتە وبۆیان ناکرێت سەردانی ئەو خاکە پیرۆزە بکەن، جا ئەگەر هاتوو حاجیان بۆیان لوا کە سەردانی ئەو مزگەوتە بکەن، ئەوا جوانتر وگەورەتر بۆ بەدەستهێنانی پاداشتێکی خاس وتەواو ئەوەیە کە هەردوو کارە چاکەکە پێکەوە کۆ بکەیتەوە : بەجێهێنانی فەریزەی حەج لەگەڵ سەردانی کردنی مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) و نوێژکردن تێیدا، لەگەڵ ئەوەی دەبێت بزانین وەك ئاماژەمان پێدا کە ئەم زیارەت وسەردانی کردنەی مەدینە و مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلی الله

عليه وسلم ) هيچ پەیوەندی بە حەجەوە نیە، بۆیە دەڵێین: حەج کردن بەبێ ئەم زیارەت وسەردانی کردنە کامڵ وتەواوە و هیچ پەیوەندیەك نیە لە نێوان حەج و سەردانی کردنی شاری مەدینەدا .

ئەو بەڵگانەی کە باس لە مەشروعیەتی سەردانی کردن و کۆڵ وپار پێچانەوە دەکەن بۆ مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ونوێژ کردن تێیدا :-

1- ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت:

{لاتشدوا الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد : المسجد الحرام، ومسجدي هذا والمسجد الأقصى} [1] ، واتە : کۆڵ و بار مەپێچنەوە بۆ سێ مزگەوتان نەبێت، مزگەوتی حەرام – لەمەککەی پیرۆز- وئەم مزگەوتەی من، ومزگەوتی ئەقصا .

2- پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت : { صلاة في مسجدي هذا ، أفضل من ألف صلاة فيما سواه ، إلا المسجد الحرام ، وصلاة في المسجد الحرام ، أفضل من صلاة في مسجدي هذا بمائة صلاة } [2] ، واتە : نوێژکردن لەم مزگەوتەی من خێری هەزار نوێژ زیاترە لەنوێژکردن لەمزگەوتەکانی تر, جگە لەمزگەوتی حەرام نەبێت.

ئەم دەقانە بەڵگەن لەسەر مەشروعیەتی سەردانی کردنی مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) بۆ ئەنجامدانی نوێژ تێیدا لەبەر ئەوەی فەزڵێکی زۆر و چەند بەرامبەری هەیە، لە هەمان کاتدا بەڵگەشە لەسەر ئەوەی حەرامە کۆڵ وبار پێچانەوە بۆ ئەنجامدانی عیبادەت ونوێژکردن بۆ هەر مزگەوتێکی تری غەیری ئەم سێ مزگەوتە، بۆیە دروست نیە سەفەر وخۆ ئامادەکردن بۆ هەر جێگایەتی تر لە جیهان بە مەبەستی پەرستن وخەڵوەت کردن تێیدا، جگە لەو سێ مزگەوتەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە، نیەتهێنان وسەفەر کردن بۆ ئەنجامدانی نوێژ لە مزگەوتی

---

(1) بوخاری موسلیم هاوڕان : بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1189) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1350) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1190) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1394) ڕیوایەتیان کردووە .

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کارێکی مەشروع ورێگا پێدراوە بۆ ئافرەتان و پیاوان، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودانەی کە ئاماژەمان پێدا .

سەبارەت بە چۆنیەتی ئەم سەردانی و زیارەتکردنەیش پێمانخۆشە بە ووردی سەرنجی ئێوەی بەڕێز بۆ ئەم دێرانەی خوارەوە ڕابکێشین : کاتێك گەشتیار وموسافیر گەیشە ناو مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) سوننەت وایە قاچی ڕاستی پێش بخات وئەو نزا ودوعا مەشروعە بکات کە لەبارەی چوونە ناو هەر مزگەوتێکەوە هاتووە، و بڵێ: { بسم الله والصلاة والسلام على رسول الله، اللَّهُمَّ افتح لي أبواب رحمتك} واتە : بەناوی خوای گەورە و صەلات وسەلام لەسەر پێغەمبەری خودا، ئەی خوای گەورە دەرگاکانی رەحمەتی خۆتم لێ بکەرەوە.

بۆ چوونە ناو مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هیچ نزا ودوعایەکی تایبەت نیە، پاشان ئەگەر کاتی کردنی نوێژە فەرزەکان نەبوو، دوو ڕکات نوێژی سڵاو کردن لەمزگەوت (تحية المسجد) ئەنجام دەدات لەهەر جێگایەك بۆی کرا لەناو مزگەوت، چونکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەفەرموودەیەکی صەحیحدا فەرموویەتی : { إذا دخل أحدكم المسجد، فليركع ركعتين قبل أن يجلس } [1]، واتە: هەرکەسێك لەئێوە ڕۆشتە مزگەوتەوە با دوو ڕکات نوێژ بکات پێش ئەوەی دابنیشێت.

بەڵام ئەگەر توانیت ئەو دوو ڕکاتە نوێژە لە ڕەوضەی شەریفە بکات باشترە، لەبەر ئەم فەرموودە صەحیحەی کە هاتووە ودەفەرموێت : { مابين بيتي ومنبري روضة من رياض الجنة، ومنبري على حوضي } [2] واتە : نێوان ماڵەکەم و مینبەرەکەم باخێکە لەباخەکانی بەهەشت، ومینبەرەکەشم لەسەر حەوزەکەمە .

هەر کەسێك زیارەتی شاری مەدینەی منەوەرە بکات پێویستە پابەندی ئەوە بێت هەموو نوێژە فەرزەکانی لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەنجام

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1167) ڕیوایەتی کردووە .

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1196) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1391) ڕیوایەتیان کردووە .

بدات، وە زۆر یادی خوای گەورە و نزا وپاڕانەوە لەوێ بکات، وە نوێژە سوننەتەکانی لە ڕوضەی شەریفە بکات، بە ئومێدی ونیاز ومەبەستی بەدەستهێنانی فەزڵ و پاداشتی زیاتری خوای گەورە، بەڵام سەبارەت بە نوێژە فەرزەکان باشتر وایە وپێویستە ئەو کەسانەی سەردانی ئەم شارە درەوشاوە دەکەن تەواوی نوێژە فەرزەکان لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) ئەنجام بدات، وە هەوڵبدات تا بۆی دەکرێت لە ڕیزی یەکەم وپێشەوەی نوێژ خوێنان بێت، چونکە لە پێشەوەی ڕەوضەی شەریفەوەیە.

**بابەتی دووەم : زیارەتی گۆڕی پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) :**

کاتێك مرۆڤی موسڵمان سەردانی مزگەوتی پێغەمبەری خوای کرد ( صلی اللە علیە وسلم ) سوننەتە سەردانی گۆڕەکەی و گۆڕی هەردوو هاوەڵە بەڕێزەکەشی ئەبو بەکری صدیق وعومەری کوڕی خەتاب ( خوایان لێ ڕازی بێت ) بکات، چونکە سەردانی ئەم گۆڕانە بەشێکە لە سەردانی مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوای کرد ( صلی اللە علیە وسلم )، نەك بە تەنها مەبەست لە سەردانی شاری مەدینە سەردانی ئەم گۆڕانە بێت، ئا ئەمەیە سەردانی ڕێگا پێدراو و مەشروع، بۆیە دەبێت بزانین دروست نیە مرۆڤی موسڵمان مەبەستی لە سەردانی شاری مەدینە و کۆڵ وبار پێچانەوەی بۆ ئەو شارە تەنها زیارەت کردنی ئەو گۆڕانە بێت، یان کۆڵ وباری بپێچێتەوە بۆ زیارەت کردنی گۆڕی هەر پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرەکانی تریش ( صەڵات وسەلامی خوایان لێ بێت )، یان بۆ هەر مزگەوتێك لە مزگەوتەکانی تر غەیری ئەو سێ مزگەوتەی کە ئاماژەمان پێدا، مزگەوتی حەرام، و مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم )، مزگەوتی ئەقصا، بۆیە زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی حەرامە خۆ ئامادە کردن وکۆڵ وبار پێچانەوە بۆ سەردانی وزیارەت کردنی هەر گۆڕێك لەگۆڕەکان، وە هەر کەسێکیش ئەوە بکات ئەوە گوناهو وتاوانی کردووە، چونکە پێچەوانەی ئەو فەرموودەیەی کردووە کە باسمان کرد و ئاماژەمان پێدا .

سەبارەت بە چۆنیەتی سەردانی وزیارەت کردنی گۆڕی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) وهەردوو هاوەڵە بەرێزەکەی ( خوای لێ ڕازی بێت ) بەم شێوەیە دەبێت کە باسی دەکەین : بە ئەدەب وڕێز وئیحترام وبێ دەنگی ڕوو بەڕووی گۆڕی پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەوەستێت و دەڵێت : ( السلام عليك يا رسول الله ورحمة الله وبركاته ) چونکە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : {ما من أحد يسلم علي إلا رد الله علي روحي حتى أرد عليه السلام } [1]،واتا : هەر کەسێك سەلام لە من بکات، خوای گەورە ڕۆحم دەکاتەوە بەبەردا بۆ ئەوەی وەڵامی سەلامەکەی بدەمەوە .

خۆ ئەگەر هاتوو ووتی : ( السلام عليك يا خيرة الله من خلقه, أشهد أنك قد لغت الرسالة وأديت الأمانة, ونصحت الأمة, وجاهدت في الله حق جهاده، اللَّهُمَّ آته الوسيلة و الفضيلة, وابعثه المقام المحمود الذي وعدته, اللَّهُمَّ اجزه عن أمته خير الجزاء ) هیچ گرفت نیە ودەتوانیت ئەمەشیان بڵێت .

پاشان سەلام لە ئەبو بەکری صدیق و عومەری کوڕی خەتاب دەکات ( خوایان لێ ڕازی بێت )، سەرەتا دەچێتە نزیك گۆڕی ئەبو بەکر و دەڵێت : ( السلام عليك يا أبا بكر) پاشان سەلام لە عومەری کوڕی خەتاب دەکات ودەڵێت : ( السلام عليك يا عمر بن الخطاب )، ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی عەبدوڵلای کوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازی بێت) هەرکاتێك سەلامی لە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و هەر دوو هاوەڵەکەی بکرادیە لەمە زیاتر هیچی تری نەدەوت : { السلام عليك يا رسول الله، السلام عليك يا أبا بكر، السلام عليك يا أبتاه } [2] و پاشان ئەوێی بەجێ دەهێڵا .

(1) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (2041) ڕیوایەتی کردووە، وە ئەحمەد (527/2) لە فەرموودەیەکی ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە، ئیمامی نەوەوی سەنەدەکی بە سەنەدێکی صەحیح داناوە لە پەرتووکی (الاذكار) ژمارە (349) دا، ابن القيم يش لە پەرتوکی (جلاء الافهام ) ژمارە (32) هێناویەتی، شێخ ئەلبانیش بە فەرمودەیەکی حەسەن داناوە، بڕوانە : صحيح الترغيب ژمارە (1666) .

(2) سەیری الموطأ ی ئیمام مالیك بەرگی 1/لاپەڕە 66 بکە.

حەرامە دەستهێنان وماچكردن وتەواف كردنى ئەو حوجرەیەى كە گۆڕەكانى تێدایە، یان لەكاتى نزا وپاڕانەوە ڕوو بەروویان بوەستیت، یان داواى پێویستى و نیازى دڵ ولادانى بەڵا وناڕەحەتى و شیفاى نەخۆش وهاوشێوەى ئەمانە لە پێغەمبەرى خوا (صلى الله علیه وسلم) بكەیت، چونكە هەموو ئەمانە مافى خواى گەورەن و دەبێت تەنها وتەنها هەر لە ئەو داوا بكرێن، وە ئەوەش بزانە سەردانى وزیارەت كردنى گۆڕى پێغەمبەرى خوا ( صلى الله علیه وسلم ) و هەردوو هاوەڵە بەرێزەكەى واجب نین، وهیچ لە مەرج وئەركانەكانى حەج نین، وەك هەندێك كەسى نەزان و بێ ئاگا واى دەبینن، بەڵكو تەنها هێندە هەیە سوننەتێكە لە سوننەتەكان بۆ ئەو كەسانەى كە سەردانى مزگەوتى پێغەمبەرى خوا ( صلى الله علیه وسلم ) دەكەن، وە هیچ پەیوەندیەك لە نێوان حەج و سەردانى كردنى گۆڕى پێغەمبەرى خوا (صلى الله علیه وسلم ) نیە، وە ئەو فەرمووده وڕیوایەتانەشى لەو بارەیەوە هاتوون و هەندێك كەس دەیكەن بە بەڵگە لەسەر دروستى كۆڵ وبار پێچانەوە تەنها بەمەبەستى سەردانى كردنى گۆڕى پێغەمبەرى خوا (صلى الله علیه وسلم ) و گوایە ئەو سەردانى كردنە لە تەواوكاریەكانى فەریزەى حەجن، هەموو ئەو ڕیوایەتانە ڕیوایەتى لاوزا و ناردوست و هەڵبەستراون و هیچ ئەصڵ وبنەمایەكیان نیە، و ەك ئەو ڕیوایەتەى كە دەڵێت : ( من حج ولم یزرني فقد جفاني ) واتا : هەركەسێك حەج بكات و زیارەتم نەكات ئەوە بێ ئەمەكەى كردووە بەرامبەرم، یان ئەو ڕیوایەتەى تر كە دەڵێت : ( من زار قبري وجبت له شفاعتي ) واتا : هەركەسێك سەردانى گۆڕەكەم بكات ئەوە شەفاعەتى منى بۆ واجب دەبێت، ڕیوایەتى تر لەم بارەیەوە زۆرن، كە هەموویان ثابت وجێگر نەبوون لە پێغەمبەرى خواوە ( صلى الله علیه وسلم ) ، نەك هەر هێندە بەڵكو هەندێك لە زانایان زۆر بەدڵنیاییەوە ووتویانە : هەموو ئەو ڕیوایەتانە درۆ ودەلەسەن و بەدەم پێغەمبەرى خواوە ( صلى الله علیه وسلم ) هەڵبەستراون .

## بابەتی سێهەم : ئەو جێگایانەی تر کە لە شاری مەدینەی منەوەرە دروستە زیارەت وسەردانی بکرێن

سوننەتە ئەو کەسەی سەردانی شاری مەدینەی مننەوەرە دەکات پیاو بێت یان ئافرەت، دەست نوێژ بگرێت و پاشان بچێت بۆ مزگەوتی قوبا و لەوێ دوو ڕکات نوێژی سوننەت بکات، بە بەڵگەی ئەوەی کە پێغەمبەری خواو ( صلى الله عليه وسلم ) هەر کاتێك بە سواری یان بە پیادەڕێ سەردانی مزگەوتی قوبای بکردایە لەوێ دوو ڕکات نوێژی دەکرد [1] .

هەروەها لەم بارەیەشەوە فەرموویەتی : { من تطهر في بيته ثم أتى مسجد قباء فصلى فيه صلاة كان له كأجر عمرة } [2]، واتا : واتە : هەرکەس لەماڵی خۆی دەست نوێژ هەڵبگرێت و پاشان بڕوات بۆ مزگەوتی (قباء) ونوێژێکی تێدا بکات، پاداشتی وەك پاداشتی عومرە کردنێك وایە.

هەورەها سوننەتە بۆ پیاوان سەردانی گۆڕستانی بەقیع و شەهیدانی ئوحود بکات و سەلامیان لێ بکات ونزایان بۆ بکات، وەك گۆڕی حەمزەی مامی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) وچەندان هاوەڵی تر کە لەوێ نێژراون، بە بەڵگەی ئەوەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) سەردانی ئەم گۆڕستانەی دەکرد و سڵاوی لێدەکردن و لەخوای گەورە بۆیان دەپاڕایەوە، هەروەها بە بەڵگەی گشتگیری ئەو فەرموودەیەش کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : { زوروا القبور فإنها تذكر الموت } [3]، واتا : سەردانی گۆڕەکان بکەن، چونکە مردوو بە بیری مرۆڤ دەهێنێتەوە .

---

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1194) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (916) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (487/3)، وە ابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (1412) ڕیوایەتی کردووە، وە نەسائیش کردویەتی (37/2)، غەیری ئەوانیش هەر ڕیوایەتیان کردووە، شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە : صحيح الترغيب ژمارە (1181)، هەروەها سەیری پەرتووکی : ئەو فەرموودانەی لەسەر فەزڵی مەدینە هاتوون، لاپەڕە (542) بکە .

(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (976) ڕیوایەتی کردووە .

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هاوەڵانی فێر دەکرد هەر کاتێك سەردانی گۆڕ و گۆڕستان بکەن بڵێن : { السلام عليكم أهل الديار من المؤمنين و المسلمين، وإنا إن شاء الله بكم لاحقون، أسأل الله لنا ولكم العافية } [1], واتا : سەلامتان لێ بێت ئەی خەڵکی ووڵات لە باوەڕداران و موسڵمانان، ئەگەر خوای گەورە بیەوێت پێتان دەگەین، لەخوای گەورە داواکارین ئێمە وئێوەش بەدوور بگرێت لەخراپە وناڕەحەتی .

ئەوەی باسمان کرد و ئاماژەمان پێدا ئەو جێگا وشوێنانە بوو کە مەشروع و دروستە مرۆڤی موسڵمان لە شاری مەدینە سەردان وزیارەتیان بکات.

وە سەبارەت بە هەندێك جێگای تر لە شاری مەدینە کە هەندێك کەسی نەخوێنەوار وا گومان دەبەن کە دروست ومەشروعە موسڵمان خۆی بۆ ئامادە بکات وزیارەتیان بکات هیچ ئەصڵ وبنەمایەکی شەرعی نیە، ئەو جێگایانەش وەك : سەردانی کردنی بیری عوسمان وحەوت مزگەوتەکە، ومزگەوتی دوو قیبلە، وهەندێك جێگای تر کە خەڵکی خویان پێوە گرتووە وسەردانی دەکەن، کە دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤی باوەڕدار نوێژەکانی لەناو مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بفەوتێت، چونکە بە هیچ شێوەیەك لە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وە ثابت وجێگر نەبووە کە سەردانی ئەو جێگایانە کردبێت، یان فەرمانی کردبێت بە سەردانی کردنیان، هەروەها لە سەلەفی صالحیشەوە وارد نەبووە کە سەردان وزیارەتی ئەو جێگایانەیان کردبێت، وە ئەوەش بزانن هیچ مزگەوتێك لەناو شاری مەدینە نیە جگە لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ومزگەوتی قوبا کە فەزڵی تایبەتیان هەبێت تاوەکو مرۆڤی موسڵمان بە تایبەت بچێت بۆی، دیارە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەچەند فەرموودەدا ڕێگری کردووە لە موسڵمانان کە لەخۆیانەوە شتێك لە ديندا دابهێنن کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نەیکردبێت یان فەرمانی

---

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (975) ڕیوایەتی کردووە .

پێ نەکردبێت، وەك فەرموویەتی : { من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد } [1] ، واتا : هەرکەسێك کارێك بکات کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا دەدرێتەوە بەسەریدا ولێی وەرناگیرێت .

بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤی موسڵمان کاتێك سەردانی شاری مەدینەی کرد پابەند بێت بەو جێگایانەی کە دروست و مەشروعە زیارەت بکرێن، وە دوور بکەوێتەوە لە سەردانی و زیارەت کردنی ئەو جێگایانەی کە دروست نین بچێت بۆیان .

لەکۆتایەوە لەخوای گەورە داواکارم سەردانی شاری مەدنیەی منەورە ومزگەوتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و نوێژ کردن تێیدا بکات بە نصیبی هەموو خوشك وبرایانم .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليما .

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1718) ڕیوایەتی کردووە .